# فووتە لەسەردەمی دیجیتالیدا




هەموو شتێك گۆدراوە، ئامێرەکانی پێشوو گۆڕانی گەورەیان بەسەرداهات، لە ئامێری ئاساییەوە بۆ ئامێری دیجیتالی، یەکێك لەو ئامێرانە ئامێری (مەودا پێو) یان فووتەیە، ئامێری فووتەی bagel دیزاینی هەروەك فووتەی ئاساییە، بەڵام تواناکانی گەلێکن وەك سێ جۆری هەیە بۆ پێوان: هەروەك فووتەیەکی ئاسایی شریتێك رادەکێشێ و ئەوەی مەبەستتە دەپێیوی، لەیزەری لە رێگای تیشکی لەیزەرەوە دەزانی مەوداکان چەندە ئەوەیان بۆ مەودای دوورە، شێوازی سوڕاندن ئەوەی لەسەر شوێنێکە بسوڕێنە ئەوکات هەموو لایەکان دەپێوێ، بۆ نموونە لە ژوورێکدا بزانی ژوورەکە چوار لایەکەی چەندە..

دوای ئەوەی شوێنەکەی پێوا بە پەیامێکی دەنگ بۆ سەر مۆبایلی بەکارهێنەرەکەی بەرێ دەکات.

# رۆبۆتە بزۆزەکە

چەند ساڵێکە بازاڕی ئەو رۆبۆتانەی کە بە ئاسانی بەبێ ئەوەی شارەزاییت لە دروستکردنی رۆبۆت هەبێت دروست دەکرێن و لەباڵێك دەخرێنەوە گەرمە. هەر جارە رۆبۆتێکی تایبەت کە دەکرێت چەندین ئەرك راپەڕێنێ یان ئەو رۆبۆتانەی کە منداڵان دەتوانن خۆیان لە باڵیەکیان بخەن و فەرمانیان پێ بکەن دەکەوێتە بازاڕ. رۆبۆتی (cozmo)ش یەکێکە لەو رۆبۆتانە. کامێراکە هەستەوەری تایبەتی تێدایە دەتوانێت روخسارەکان بناسێنێتەوە و هەندێك لە جوڵەو ئاکاری مرۆڤەکان لاسایی بکاتەوە. بۆ لەباڵیەك خستنەوەی پێویست بە وردبینی ناکات.





# چاودێری منداڵ

لەوکاتەوە تەکنەلۆژیای دیجیتالی پەرەی سەندووە ئامێرەکانی تایبەت بە چاودێری منداڵان گەلێك بەرهەمهاتوون، زۆربەیان ئەرکەکانیان بەم جۆرە ئەنجام دەدا کە وێنەیەك لەو ژوورەی منداڵەکەی تێدایە دەگرت و بەهۆی پرۆگرامێکەوە لە ڕێگای ئینتەرنێت بۆ دایك و باوکی منداڵەکەی بەرێ دەکەن.

بەڵام ئامێرێکی نوێ بەناوی Invidyo بەرهەم هاتووە کە کارکردەکەی زۆر جیاوازە. ئامێرەکە لەسەر سیستەمی هۆش و زەینی دەستکرد بەرهەم هاتووە، ڕوخساری منداڵ و کەسە نزیکەکانی دەناسێتەوە. ئەگەر هەر کەسێکی نامۆ و نا ئاشنا هات دەیناسێ. هەروەها دەتوانی هەستەکانی وەك پێکەنین و گریانی منداڵەکە بناسێ و ئەگەر منداڵەکە گریا بە دایك و باوکی ڕابگەیەنێ خۆی هەوڵ دەدات منداڵەکە ژێر بکاتەوە و ئەو لالایەی بۆ لێبدا کە منداڵەکە پێی ژێر دەبێتەوە لەوانەش گرنگتر دەتوانێت کەش و هەوای ژوورەکە وەك شێداری و گەرمی و ساردی بە بەخێوکەرانی منداڵەکە ڕابگەیەنێ.

# پرۆگرامی سڕینەوەی پرۆگرامە سیخوڕییەکان

لە کۆمپیوتەردا خراپتر لە ڤایرۆس و ترۆجان پرۆگرامی تێکدەر، پرۆگرامە سیخوڕییەکان، پرۆگرامە سیخوڕیەیکان واتە spay ڕاست بەمەبەستێکی دیاریکراو دزە دەکەنە ناو کۆمپیوتەرەکان، ئەویش چاودێری کردن بەسەر بەکارهێنەری کۆمپیوتەر و ئەو پرۆگرامانەی تێیدا خەزن کراون، ڕەنگە پرۆگرامە سیخوڕییەکان هیچ تێکنەدەن، بەڵام زانیارییەکان بۆ شوێن و مەبەستێکی دیارکراو دەدەن، بۆ نموونە ئەگەر پرۆگرامێکی سیخوڕی دزە بکاتە ناو پرۆگرامی بانکێك ئیدی گشت ژمارە بانکییەکان دەتوانێ دەستکاری بکات.

پرۆگرامە دژە سیخوڕییەکان دەتوانن پێ و شوێنی پرۆگرامە سیخوڕییەکان هەڵبگرن و بەتەواوی بیانسڕنەوە. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی spuer anti Spyware یە. بەهۆی ئەوەوە لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانی سیستەمەکەت لە پرۆگرامە سیخوڕییەکان پاك بکەیەوە.

بەشێك لەتایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە:

- چاودێری ورد بەسەر سیستەم و فایلەکان
- توانای هەڵسەنگاندنی ئەو فایلانەی کە دادەبەزن.
- بەرگری کردن لە کرانەوەی پرۆگرامی سیخوڕی.

ئەوانە و چەند تایبەتمەندییەکی دیکە وەك خێرایی، ناسینی ڤایرۆسەکان ئاپدیت بوون و نوێبوونەوە تایبەتمەندی پرۆگرامەکەن...



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت مۆبایلەکەم تێکچوو و فۆرماتم کردەوە، بەڵام ئەو ناوانەی لەسەر مۆبایلەکەم بوون هیچیان نەماون، ئەگەرچی پێشتر لە ئەکاونتی تایبەتیم خۆم لەگوگل دامنابوون ئێستاکە چ بکەم بۆ گەڕاندنەوەی ناوەکان؟**

خوێنەری ئازیز، ئەگەر پێشووتر لە جیملی تایبەت بەخۆت داتنابن، باشت کردووە و نەسڕاونەتەوە، بچۆ بۆ سەر بەشی جیمل و لەودا بەشێك هەیە بەناوی account لەو بەشەدا بچۆ سەر بەشی more دواتر بەشی ریکۆڤەری بدۆزەوە کە دەتوانرێت هەتا مانگێك بگەڕێیەوە دواوە... ئیدی بەئاسانی ناوەکان دەگەڕێنەوە..




## ئامێرێک بۆ پێوانی لێدانی دڵ

تەکنەلۆژیای دیجیتالی ماوەیەکە لە خزمەت تەندروستی مرۆڤ دایە، وەك کاتژمێرە هۆشمەندەکان مەچەکبەندە سمارتەکان. لەم ماوەیەشدا ئامێرێك بەناوی senseOn بەرهەمهاتووە کە یەکێکە لە باشترین ئامێرەکانی تایبەت بە تەندروستی مرۆڤ.

ئامێرەکە لەسەر پێست دادەندرێ بە ئاسانی دەتوانی لێدانی دڵ و چۆنییەتی هەناسەدان بزانرێت. شوێنی هەڵگرتنی ئامێرەکە دەتوانێت خودی ئامێرەکە هەتا ٨ جار شەحن بکاتەوە.



## ئاشنابوون لەگەڵ دوگمەکانی ویندۆز١٠



## سایتێک بۆ دابەزاندنی وێنەی کوالیتی بەرز

سایتەکانی بە دواداگەڕان وەك گوگل و بینگ و یاهوو و سایتگەلی دیکە یارمەتیدەری باشن بۆ دۆزینەوەی وێنەی مەبەست، بەڵام هەندێك سایت هەن تایبەتین و بە خۆڕایی نین، سایتی دیکەش هەن کە وێنەکانیان لەلایەن وێنەگەرانی پیشەییەوە دادەندرێن کە بۆ مەبەستی جیاواز سوودیان لێ دەبیندرێ، یەکێك لەم سایتانە سایتی http://freestocks.org کە بەهۆی ئەو سایتەوە دەتوانی وێنەی کوالیتی بەرز بدۆزیەوە، وێنەکان ریزبەندی کراون وەك وێنەی گیانداران، داروردەخت، دیمەنی جوان، پیشەسازی، وێنەگەلی دیکە... هەرچەندە بەشێك لە وێنەکان بەخۆڕایی نین بەڵام وێنەی زۆری تێدایە کە بێ بەرامبەرە..

## مۆبایلەکەت دەکاتە کۆمپیوتەر

ئەوانەی حەز دەکەن ئەو وێنە و فیلم و پرۆگرامانەی کە لەسەر مۆبایلە لەسەر کۆمپیوتەر و بەشاشەیەکی گەورەترەوە ببینن دەتوانن ئامێری بچووکی onecompute بەکار بێنن. ئەو ئامێرە بەشێوەی داکێك دەچێت کە شوێنی چەندین پۆرتی هەیە. ئەو پۆرتانەی لەو داکەدا هەن سێ پۆرتی USB٢ و شوێنێك بۆ دانانی کێبڵی HDMI شوێنێکش بۆ کێبڵی کارەبا. بەکارهێنەر بەهۆی ئەو داکەوە دەتوانێت مۆنیتۆرێك و ماوسێك و کیبۆردێك دابنێت. جێگای ئاماژە پێدانە ئەو داکە تایبەتە بە مۆبایلی moto Z ی مۆتۆرلا ئەگینا مۆبایلەکانی دیکە ناگرێتەوە.



ویندۆز ١٠ لەگەڵ ویندۆزەکانی دیکە جیاوازییەکی زۆری لە فەرمان و دوگمەکان بەتایبەتی دوگمە لابر (شۆرکەت) ەکاندا هەیە، لە ویندۆز ١٠دا سەرەڕای زیادبوونی چەند تایبەتمەندییەکی نوێ کە کارکردن بەو تایبەتمەندییانە دەبێتە هۆی ئاسانکاری لەکارکردندا. لێرەدا چەند زانیارییەك لەبارەی کارکردنی دوگمەکان باس دەکەین.

دوگمەی ویندۆز A+ چالاك کردنی action center

دوگمەی ویندۆز C+ چالاك کردنی Cortana speech

دوگمەی ویندۆز D+ نیشاندانی دیسکتۆپ

دوگمەی ویندۆز G+ چالاك کردنی بەشی تایبەت بە گەیمی ئیکس بۆکس کە ئیزنت پێدەدات یارییەکان خەزن بکەی..

دوگمەی ویندۆز H+ تایبەت بە بەشداری کردنی ئاپەکانی ویندۆز ١٠.

دوگمەی ویندۆ I+ کردنەوەی رێکخستنی ویندۆز

دوگمەی ویندۆز L+ سیستەم دادەخات.

دوگمەی ویندۆز R+: کردنەوەی دەستوورێکی نوێ

ئەوانە بەشێك بوون کارکردی چەند فەرمانێکی نوێ لە ویندۆز ١٠ دا..